بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

# بەرەی ئیسلامی نەتەوایەتی
# لە سودان

نوسینی : ئارام قادر

پێداچونەوەی : ڕێدار ئەحمەد

١٤١٩ ك

١٩٩٨ ز

# حزب و پارتەکانی سودان

١ ) حزب الامە : لە ساڵەکانی پێش سەربەخۆیی دا دامەزراوە ، لەلایەن هۆزو تەریقەی ( انصار ) وە پاڵپشتی ئەکرێت و ئێستاش ( صادق المهدی ) سەرۆکی حزبەکەیەو بانگەشەی بوژانەوەی ئیسلامی دەکات و لە هەڵبژاردنی ١٩٨٦ ز دا ( ٩٩ ) کورسی پەرلەمانی بە دەست هێنا ...

٢ ) حزب الاتحاد الدمقراطی : لە ساڵەکانی پێش سەربەخۆیی دامەزراوە لەلایەن تەریقەی ( خەتمیە ) وە پاڵپشتی ئەکرێت . ئێستاش ( عثمان محمد المیرغنی ) سەرۆکی حزبەو لە هەڵبژاردنی ١٩٨٦ ز ( ٦٢ ) کورسی پەرلەمانی بە دەست هێنا .

٣ ) بەرەی ئیسلامی نەتەوایەتی : لەپاش ڕاپەڕینی ١٩٨٥ ز دامەزراوە وە ( حسن عبداللة الترابی ) ئەمینداریەتی .

٤ ) إخوان المسلمین : سەربە ڕێکخراوی برایانی گشتییەو ( صادق عبداللة عبدالماجد ) ڕابەریەتی .

٥ ) انصار السنە المهدیە : کۆمەڵێکی سەلەفی یە بانگەشە بۆ قورئان و سونەت دەکات ( و محمد هاشم الهدیة ) سەرپەرشتی دەکات .

٦ ) حزب البعث العربی الاشتراکی : بەشێکە لە حزبی بەعسی عێراقی و ( بدرالدین مدثر ) سەرۆکی حزبە .

٧ ) حزب الشیوعی السودانی : حزبێکی چەپڕەوەو ( محمد ابراهیم نقد ) سکرتێریەتی .

٨ ) الحزب القومی السودانی : حزبێکی گاورییەو قەشەیەک سەرپەرشتی دەکات ( فیلیب عباس غیوش ) .

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەیی
v1.0

٩ ) کتله الاحزاب الجنوبیه : کۆمەڵێک لە حزبە باشوریەکانن کە تێکەڵە لە بت پەرست و گاورەکان .

## قۆناغەکانی بوژانەوەی ئیسلامی

لە دەرئەنجامی حوکمڕانی بەریتانیا لە سوداندا فکرەی نەتەوەیی و نیشتیمان پەرستی بە شێوەیەکی بەرفراوان برەوی پێ درا ، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی گاورو مژدەدەرانی ڕۆژئاوا بوو ، لە هەمان کاتدا فکرەی مارکسیەت و شیوعیەت بەشێکی زۆری جەماوەری سودانی گرتەوە . ئەویش لە ئەنجامی کۆششەکانی جوولەکە بووە ، بەرامبەر بەم ڕەوتانە کۆمەڵێک تەریقەی سۆفیەت هەبوو کە لە قاڵبی خێڵایەتی و هۆزایەتیدا خۆی دەنواند ، تەنانەت لە نێوان ئەمانەشدا دژایەتی و دژواری زۆر توند هەبوو ، کاریشیان بڵاوکردنەوەی بدعەو خرافات و چەندان شتی نارێک و نادروست بوو بەناوی ئیسلامەوە ... لە کاردانەوەی ئەم حاڵەتەو بۆ وەستاندنی شاڵاوی چەپ و نەتەوە پەرستەکان ( بزوتنەوەی ڕزگاری ئیسلامی ) ( حرکە التحریر الاسلامی ) لە ساڵی ١٩٤٦ ز لە دایک بوو کە کۆمەڵێک قوتابی زانکۆی خەرتوم هەستان بە دامەزراندن و بزواندنی ..

سیمای ئەم بزوتنەوەیە وەک ڕێکخراوێکی نهێنی بوو ، تەنها کاری بریتی بوو لە بەربەرەکانی ی شیوعیەکان و هەوڵ دان بۆ دروست کردنی تاکی موسوڵمان و پەروەردەکردنی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان دەکرد ، زۆرتر لە چوار چێوەی قوتابیاندا کارەکە دەسوڕایەوە ، بە تایبەت لە ناو ڕیزی کوڕاندا و بەرێژەیەکی کەمیش گرنگی دەدرا بە ئافرەت ، ئەو کەسانەی کە زۆر جێگەی متمانە بوونایە پەیوەندیان پێوە دەکراو هەڵدەبژێران بۆ ڕیزەکانی بزوتنەوە . بە هیچ شێوەیەک نەیان دەویست بەشداری کێشە سیاسیەکان بکەن و تەنها کاری سەرەکیان بریتی بوو لە پەروەردەو پێگەیاندن و گەیاندنی دینی خوا . بۆچوون و فکرەی ئەم بزوتنەوەیە زیاتر لە پەڕاو و بۆچونەکانی پێشەوا بەناو ئیمام مەودودی و نوسراوەکانی ڕۆژئاوای عەرەبیدا خۆی

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

دەبینیەوە ... بەلاّم لەبەر ئەوەی کە زۆر لە سەرکردە و هەڵسوڕێنەرانی ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتای لاویدا شیوعی بوون و هێشتا شوێنەواری فکرەی شیوعیەت لە مێشکیاندا نەسڕابووەوە ، بەهۆی سەرهەڵدانی جیاوازی و کێشەیەکی فکری کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە پەرتەوازەبوونی یەکەم بوژانەوەی ئیسلامی لە سوداندا و ( الجماعه الاسلامیه ) و ( الحزب الاشتراکی الاسلامی ) دروست بوو . لە هەمان کاتدا بەهۆی کۆمەڵێک قوتابی سودانی کە لە میسر دەیان خوێند و بەهۆی هاتوچۆی هەندێ لە ئەندامانی ئیخوانی میسری جەماعەی ئیخوان دروست بوو.

( ئیخوان ) و ( الجماعه الاسلامیه ) پەیوەندیان هەبوو بەیەکەوە ، بەلاّم یەکیان نەگرت و هەریەکە لە بواری خۆیدا کاری دەکرد ، بەهۆی پچڕانی پەیوەندی ئیخوانی سودان بە میسرەوە لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی لە میسر بە سەریاندا هات کاریان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ یان زۆر جار ساردو سڕ دەڕۆیشت و لە چوارچێوەیەکدا خۆی دەبینیەوە ، بەلاّم ( جەماعەی ئیسلامی ) بەوەی کە هەڵقولاوی ناوخۆی سودان بوو وە کۆمەڵە قوتابیەکی بەتوانا بەرێوەیان دەبرد کاریان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێز ترو بەتوانا تر دەبوو تا ساڵی ١٩٥٤ ز لە کۆنگرەیەکی گشتیدا هەردوو جەماعەکە یەکیان گرت .

لەژێر ناوی ( الاخوان المسلمین ) بە سەرکردایەتی قوتابیان . لە ئەنجامی ئەمەشدا ( الحزب الاشتراکی الاسلامی ) زەمینەی مانەوەی نەماو وردە وردە لەساحەی کاردا وون بوو . ئەمەش دەتوانرێت ناو ببرێت بە قۆناغی دروست بوون ( عهد التکوین ) کە لە ساڵی ( ١٩٤٦ ز – ١٩٥٥ ز) بەردەوام بووە پاشان بوژانەوەی ئیسلامی بە چەند قۆناغێکی تردا تێپەڕی کە بریتی بوو لە ...

١ – قۆناغی دەرکەوتنی یەکەم :

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

ئەم قۆناغە کە لە ساڵی ١٩٥٥ ز دەست پێ دەکات وە هەر لەم ساڵەشدا سودان سەربەخۆیی وەرگرت ، وە سەرەتای یەکگرتنی هەردوو کۆمەڵەکە بوو ، سیمای ئەم قۆناغە گواستنەوەی کاری جەماعە بوو بۆ جەماوەر بەکارهێنانی وانە گشتییەکان و بەکارهێنانی ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆڕە گشتیەکان و هاندانی خەڵک بۆ پەیوەست بوون بە ئیسلامەوە ، گرنگترین بابەت کە خرایە بەردەم جەماوەر بریتی بوو لە مەسەلەی جێ بە جێ کردنی یاساکانی ئیسلام ( قضية الدستور الإسلامي ) وە لە پێناو ئەمەدا جەماعە بانگەشەی کرد بۆ دروست کردنی بەرەیەک بەناوی ( الجبهة الاسلامية للدستور ) وەک هێزێکی سیاسی و واجهەیی بەرامبەر عەلمانی و قەومیەکان ، وە بانگخوازانی جەماعەت بە درێژی و پانی وڵاتدا بانگەشەی گەڕانەوەی حوکمی ئیسلامیان دەکرد و شێوەی جێ بە جێ کردن و سودی جێ بە جێ کردنیان بۆ جەماوەر ڕوون دەکردەوە ... ئەوەی شایانی باسە پەیوەندی نێوان قیادەی میسری و سودانی لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکی دەرەکی و سەرپێی بوو ، دور لە نەخشەو بیر کردنەوەو یاسایەکی جێگیر ، ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٩٥٩ ز بەردەوام بوو .

## ٢ – قۆناغی مت بوون :

ئەم قۆناغە لە سەرەتای ئەو کودەتا سەربازیەوە دەست پێ دەکات کە ( فريق إبراهيم عبود ) پێ ی هەستا لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ز دەست بەجێ یاسای دەوڵەتی هەڵوەشاندەوەو هەموو حزبەکانی لە کار خست و وەزارەت و کاروباری سەرۆکایەتی وڵاتی دایە دەست کۆمەڵێک سەرکردەی عەسکەری هەرچەند ئەم کۆدەتا سەربازییە ڕۆ نەچوو لە کاروباری سیاسیدا و بەرامبەر حزبە سیاسییەکان نەوەستا بەڵکو دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات و بەڕێوەبردنی ئیش و کار ، بەڵام ئیخوان ڕۆیشتە قۆناغێکی مت بوون و هەموو جۆرە چالاکی و جموجۆڵێکی وەستان لە ترسی ئەوەی کە هەمان تاقیکردنەوەی میسر

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

بەسەر موسڵمانانی سوداندا نەیەت ، تەنها ئەوەندە نەبێت لە ڕێگای قوتابیانەوە واجهەیەکی ڕۆشنبیری دروست کرد توانرا لە کاتێکدا حزبەکانی تر چالاکیان وەستاند بوو کاری ئیسلامی وردە وردە پەل بهاوێت لەهەمان کاتدا بزوتنەوەی ئیسلامی لە سودان ئەم قۆناغەی کردە هەلێک بۆ چاوخشاندنەوە بەخۆیدا و دراسە کردنی ڕابردوو ئێستا و پاشەڕۆژ ، بەتایبەتی دەربارەی شێوەی قیادە ، ئایا فەردی بێت یان جەماعی ؟ پەروەردە و کارو چۆنیەتی ئەنجام دانی ؟ مەبەست لە بونی حزبی ئیسلامیدا دەیەوێت حوکم وەرگرێت یان تەنها کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری و پەروەردەییە ؟ پەیوەندی جەماعە لەگەڵ حزبەکانی تردا ؟ ئایا بە تەنها کاربکات یان پەیوەندی ببەستێت لەگەڵ حزبە نیشتمانییەکاندا ؟ ئەمەش وای کرد کە یاسایەکی ناوخۆی جێگیر دانرا بۆ جەماعە ... لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا ، حزبی شیوعی و نەتەوەییەکان بەرەیەکیان دروست کرد بۆ دژایەتی و بەرامبەر کێی حوکمی عەسکەری ، بەڵام جەماعە بەشداری نەکردو بە ئەرکێکی ئەوتۆ هەڵنەستا ، پاش ئەوەی شیەعییەکان لەبەرەکەدا هاتنە دەرەوە جەماعە دەستی کرد بە جموجۆڵ لەگەڵ بەرەدا بۆ ڕوخاندنی حوکمی عەسکەری ، ئەویش بە بڵاوکراوە وەنوسراوی دیوارو گرتنی کۆڕو هاندانی قوتابیان و لاوان بۆ شۆڕش ، ئەم قۆناغەش لە ساڵی ١٩٦٤ ز کۆتایی هات بەهۆی خۆپیشاندانی قوتابیان و کرێکارانەوە کە جەماعە ڕابەرایەتی ئەم خۆپیشاندانەی کردو توانی خۆی بسەلمێنێت و ئەمەش وای کرد کە کۆتایی بهێنێت بە حوکمی سەربازی و وڵات بگەڕێتەوە بۆ شێوازی دیموکراتی وە مەدەنی .

### ٣ – قۆناغی دەرکەوتنی گشتی :

ئەم قۆناغە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عەسکەری لە ساڵی ١٩٦٤ ز دا هاتە بوون ... لەم قۆناغەدا جەماعە هەنگاوی زۆر بەهرەمەندو گرنگی نا ، کۆمەڵێک جمو جۆڵی تایبەتی دەست پێ کرد کە بوو بەهۆی ئەوەی جەماعە بگاتە ئاستی حزبە گەورەکانی ناو سودان ...

لەوانەش کۆمەڵێک رێکخراوی پیشەیی دروست کرد ( رێکخراوی لاوانی نیشتمانی ) بۆ پەروەردەکردنی لاوان و قوتابیان و هاندانیان بۆ پەیوەست بوون بە ئیسلامەوە پاشان ( بەرەی ئافرەتانی نیشتمانی ) کە لەم قۆناغە جەماعە زۆر گرنگیان دایە ئافرەتان ، چونکە شیوعیەکان زۆربەی زۆری ئافرەتانی رۆشنبیریان گۆش کردبوو بە بیرو بۆچونی مارکسی ، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بوارە ئەم رێکخراوە دامەزرا و هەوڵێکی زۆری تەرخان کرد بۆ پەیوەست کردنی ئافرەتان بە ئیسلامەوە و پاشان پەروەردە کردنیان ، هەروەها ( کرێکارانی نیشتیمانی ) پێک هێنرا کە ئەویش بۆ ئەوەی بۆ جەماوەر بسەلمێنێت کە ئیسلام زیاتر لە هەموو بەرنامەکانی تر هەنگاوی گرنگی دەدات بە چینی کرێکار . لەم بوارەشدا زۆر هەنگاوی گرنگی ناو توانی چینێکی زۆری کرێکاران و هەژاران بەرەو جەماعە بهێنێت و پەروەردەیان بکات بە پەروەردەیەکی ئیسلامی ... جگە لەمەش بنچینەو نەخشەیەکی دانا بۆ ( زۆرکردن و زیادکردنی ئەندامان ) ئەویش بە هاندانی بانگەوازو جموجوڵی هەمە جۆرو پاشان ( سوک کردنی مەرجی ئەندامیەتی و گواستنەوەی کاری ئیسلامی لە هەڵبژاردن ( ألانتقاء ) ەوە بۆ جەماوەری ( الجماهيريه ) . لە بواری سیاسیشدا جەماعە بەرەیەکی دروست کرد ( جبهه الميباق الاسلامی ) کە زۆر لە کۆمەڵ و رێکخراو کەسایەتی ئیسلامی سودانی لەخۆ گرت بەڵام جەماعە تا رادەیەک لە بەرەدا سەربەخو بوو ، وە ئەم بەرەیە بوو بە پێشرەو بۆ بانگەشەی دەستوری ئیسلامی و جێ بە جێ کردنی ، جگە لەمەش شیوعیەکان لەم قۆناغەدا ویستیان دەست بە سەر شۆڕشەکەدا بگرن و خۆیان بکەن بە خاوەنی بەڵام جەماعە ئەم هەلەشیان لە دەست سەندن و دورە پەرێزی کردن لە کۆمەڵگەی سودانی ، ئەویش بە سازدانی شۆڕشێکی گەلی بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی کە لە ساڵی ١٩٦٦ز دا بەر پاکرا .......

بەمەش حیزبی شیوعی کەوتە پاشکۆوە و ئیتر جەماعە بیری لە مونافەسەو کێشە نەدەکردەوە لەگەڵ حزبی شیوعی ، بەڵکو بوو پێشرەو هیوای زۆرینەی جەماوەر بە تایبەت ئافرەتان و کرێکاران و قوتابیان . لەهەمان کاتدا توانی دەستێکی باڵای بیێ لە دارشتنی ماددەکانی دەستوری

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلامرپەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

ولآتدا کە لە ساڵی ١٩٦٧ ز دا دارێژرا بە جۆرێک کە زۆربەی یاساکانی ئیسلام دەست نیشان کران و بڕیاری جێ بە جێ کردنیشی درا. ئەویش بەهۆی هاندانی مەسەلەی بە دەستور کردنی ئیسلام لەلای جەماوەر و پاشان پتەو کردنی پەیوەندی کردنی جەماعە بە زۆرێک لەحزبە نیشتمانیو نەتەوەیییەکانەوە هەروەها بەشداربوونی چەند ئەندامێکی جەماعە لە کابینەی نوێی حوکمدا کاری سیاسی ئیسلامی زۆر بەرەو پێش برد ، جگە لەمەش جەماعە هەر لەم قۆناغەوە گرنگییەکی سیاسی و دەستوری تایبەتی دایە باشووری ولآت ( جنوب السودان ) کە بە درێژایی مێژووی سودان بووە بە مایەی گیروگرفت و چەرمەسەری هەر حکومەتێک کە هاتوەتە مەیدان ، باشووری سودان کۆمەڵە هۆزێکی تێدا دەژی زۆربەیان بت پەرستن ، تا ئێستاش ژیانیان زۆر ساکارو سەرەتاییە ئەویش بەهۆی نەخشەیەکی بەریتانیا بوو کە لە کاتی دەست بەسەراگرتنی سودان ئەم هەرێمەی بەرکەنار کرد ، تەنانەت ڕێگە نەدرا بەهیچ کەسێک کە بڕواتە ئەم هەرێمەوە ، بەهیچ شێوەیەک گرنگی ئابوری و ڕۆشنبیری پێ نەدرا بە جۆرێک بازرگانیش لەنێوان باکوورو باشووریدا قەدەغە کرا ئەمەش لە ساڵی ١٩٢٧ ز دا ئەنجام درا ، بێ گومان ئەمەش نەخشەیەک بوو بۆ دروست کردنی ئاژاوەو ناکۆکی لو نێوان باکوورو باشووری سودان لە پاشەڕۆژدا هەر لەم قۆناغەدا جەماعە گرنگییەکی تایبەتی دایە ڕووداوەکانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەت شەهیدکردنی ( سید قگب ) و هاوڕێکانی و مەسەلەی فەلەستین و نیجیریا ، دیاردەیەکی تری ئەم قۆناغە دەرکەوتنی سەرەتای جیاوازی ڕاوبۆچونی زۆر لە سەرکردە و هەڵسوڕێنەرانی جەماعە بوو ، ئەم جیاوازیە بە جۆرێک پەرەی سەند کە خەریک بوو بە تەواوی کاری بوەستێنێت و پارچە پارچەیی دروست ببێت ، بەڵام هەر چۆن بێت مەسەلەکان خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەتایبەت لە بواری پەیوەندی نێوان قیادەی ناوەوەو دەرەوە ، پاشان ئیجتیهادی تایبەت و پەیوەست بە سودانەوە وە پەیوەندی دەرەوەی جەماعە ، پەیوەندی نێوان ( الترکیز ) و ( الانتشار ) ، قیادەی فردی و جەماعی و هۆکاری هەریەکەیان و

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

بەرهەمەکانیان ، هاتنی ( جعفر نمیری ) و دەست کردن بە لێدانی کاری ئیسلامی ئەم جیاوازیانەی هەموو لە بیر جەماعە بردەوەو قۆناغی نوێ هاتە بەردەم کاری ئیسلامی .

### ٤ – قۆناغی جیهاد و گەشەکردن :

ئەم قۆناغە بە کودەتای سەربازی جعفر نمیری دەست پێ دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٩ ز دا پێی هەستاو دیموکراتیەت و سەربەستی تاکی هەڵوەشاندەوەو حوکمی سەربازی ڕاگەیاند ... بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسی بوو لە قۆناغەدا نزیک بونەوەی شیوعیەکان لە نمیری و هاندانیان بۆ لەبن هێنانی کاری ئیسلامی بوو ... بە جۆرێک کە هەموو توانایەکیان خستە گەڕ بۆ دژایەتی کردنی ئیسلامیەکان ، بەگرتن و کوشتن و ڕاونان و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە جموجۆڵێکی ئیسلامی ، بە جۆرێک کاری ئیسلامی بواری زۆر زۆر تەسک بووەوە ، ئەوەندەی نەبرد شیوعیەکان ویستیان جعفر نمیریش بەرکەنار بکەن و خۆیان دەست بەسەر سوداندا بگرن . بەڵام ئەمەیان بۆ نەلوا و نمیری کەوتە لێدانیان و دوورخستنەوەیان ، هەرچەندە ئەمەش نەبوو بەهۆی وەستاندنی شاڵاو بەرامبەر ئیسلامیەکان ، چونکە پاش ئەوەی ناپاکی شیوعیەکانی بۆ دەرکەوت خۆی نزیک کردەوە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ... لەم کاتەدا جەماعە وازی لەو گۆشە گیری و مت بوونە هێنا کە لە کودەتای سەربازی یەکەمدا ڕوویدا ، بەڵکو دەستی کردە ڕوو بە ڕووبونەوە لەگەڵ حوکمی سەربازی دا و هەموو توانایەکی خستە کار بۆ ڕووخاندنی حوکمی عەسکەری ، وە هەمیشە سەر قافڵەی هێزە نیشتمانییەکانە بوو ، لە وانەش ڕاپەڕینی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٣ ز ، پاشان ڕاپەڕینی زانکۆی خەرتوم کە نەخشە کێش و هاندەریان بریتی بوو لە قیادەی جەماعە ، پاشان بە شێوەیەکی عەمەلی و بەرفراوان لەگەڵ پێشەوای تیرەی ( الانصار ) کە زانایەکی سۆفی بوو دەستیان دایە چەک و جیهادیان بەرپاکرد دژی حوکمی تاک ڕەوی وە ژمارەیەکی زۆر

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

لە ئەندامانی جەماعە ڕویان کردە بنکەی سەربازی بۆ مقاوەمەت لە دورگەی ( أبا ) لە ئەنجامی ئەمەشدا جەماعە زۆر لە ئەندامەکانی گیران و شەهیدکران و ڕاونران ، گرنگترینیان ئەندامێکی سەرکردایەتی جەماعە بوو ( دکتۆر محمد صالح عمر ) کە لە ساڵی ١٩٧٠ ز دا شەهیدکرا ، وە هەروەها لەو هێرشە گەورەیەی کە بڕیاربوو لە ساڵی ١٩٧٦ ز بکرێتە سەر خەرتوم ئەندامی جەماعە دەستێکی باڵایان هەبووە لە بەڕێوەبردن و بەرپاکردنی کە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی جەماعە شارەزایی و بەهرە مەندییەکی زۆر پەیدا بکات لە بواری سەربازی و کاری نهێنی و ژێر زەمینیدا ، لە هەمان کاتدا لە بواری سیاسیدا جەماعە بەشدار بوو لە ( بەرەی نیشتمانی هێزە نەیارەکان ) بەتایبەت لە ( جدە ، تەرابلوس ، أديس أبابا ) وە ڕۆڵێکی تایبەتی هەبوو لە ناشرین کردن و ناساندنی حوکمی نمیری بە دەرەوەی وڵات .... بەڵام لە بواری ناوخۆیی جەماعەدا کۆمەڵە دیاردەیەک هاتنە بوون و چەندین گۆڕانکاری هێنا بەسەر ڕێڕەو و ڕەوتی جەماعەدا ... لەوانەش وازهێنانی زۆرێک لە ئەندامان و لایەنگرانی جەماعە ، هەریەکە بە بیانوو بەهانەیەک ، کۆمەڵێک دەستیان کردە دەربڕینی چەندین ڕاوو بۆچونی جۆراو جۆر ، هەرچەندە بەناوی ( النقد الذاتي ) وە بوو ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگە خۆشکەرێک بوو بۆ وازهێنان و بەجێ هێڵانی کاروان ، هەندێکی تر لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو ڕاونان وازیان لە ئیسلامیش هێنا ، هەندێکی تر ڕویان کردە تەسەوف و ژیانی گۆشە گیریان بۆ خۆیان هەڵبژارد ... هەرچەند ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناخۆش و ناڕەحەتە بەڵام دەبێ ئاگاداربین ئەو کەسانەی ڕێبازی گۆڕانکاری دەگرنە بەر چاک حاڵی بن لەوەی کە هیچ کۆمەڵێک نیە خاڵی بێت لە کەسانی هەلپەرست و دەروون لاوازو دنیا ویست ، هەرکاتێک بەرژەوەندیەکیان یان ژیانیان کەوتە مەترسیەوە دەست بەجێ ئەو کاروانە بەجێ دێڵن و چەندین برو بیانو دەگرنە بەر ، جەماعەش تاوانبار دەکەن تا ئەو خاڵە لاوازەی خۆیی پێ حەشار بدات ئەمەش سوننەتی ڕێگایە کە زۆر هەن وەڵامی بانگەوازی خودا بدەنەوە بەڵام کەمێکن ئەوانەی ئامادەیی هەڵگرتنی ئەمانەتیان هەیە ، زۆر کەمترن ئەوانەی ئەتوانن ئەمانەت بگەیەننە شوێنی خۆی . لەهەمان کاتدا جەماعە بێ

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

ئەوەی گوێ بداتە لادان و ڕوخان وە بەجێ هێشتنی دۆستان و لایەنگران دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی کاری خۆی ، بەڵام نەک تەنها گۆڕینی یاسای ناوخۆ ، بەڵکو ئەم جارەیان تەرتیبێکی نوێی هەیکەلی ڕێکخراوی دانا لەسەر ئاستێکی بەرزی ئیداری ، بە جۆرێک کە بتوانێت ڕوداوە سیاسی وە جەماوەریەکانی دەورو بەری خۆی بقۆزێتەوە بەبێ ئەوەی پشت ببەستێت بە هیچ تاقی کردنەوەو یارمەتییەکی دەرەوە . چونکە لەم قۆناغەدا جەماعە توانی بەرهەمی فکری خۆی و تاقی کردنەوەی ناو سودان بکاتە بنەمایەک بۆ بەڕێوەبردنی کار ... ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوە و دراسە و ووردبونەوەی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی بووکە ماوەیەک لە بەندینخانەدا مانەوە توانرا بکرێتە قوتابخانەیەک بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و پێشکەوتنی کاری سودان بە پەیوەست کردنی کار بە مێژووە و هەڵسەنگاندنی کاری دەوروبەر . لەلایەکی ترەوە کێشەو گفتوگۆو جەدەلێکی زۆر دروست بوو لە نێوان ئەندامانی جەماعە خۆیدا وە لەنێوان جەماعە و بزووتنەوەئیسلامیەکانی تردا ، ئەویش سەبارەت بە دروستی و هاوپەیمانەتی و پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕەوتە چەپ و ڕاستەکان و حکومەتە جاهیلەکاندا . چونکە جەماعە لەم قۆناغەدا کە قۆناغی جیهادو کاری سیاسی و علاقات بوو بە پێویستی ئەزانی کە تاوبداتە مەیدان لەگەڵ چەندین حزبی باشوریدا کە بت پەرست و گاوربون پەیوەندی ببەستێ ، لەوەش زیاتر بەڵکو سوود لە ڕێکخراوی فەلەستین و ئەسیوپیا وەرگرێت لەبواری شەڕی پارتیزانی و مەشق کردنی سەربازیدا . چونکە جەماعە لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە هەل و کاتی سیاسی بقۆزێتەوە و چی بەرژەوەندی ئیسلامی تێدا بە دەست بهێنرێت و ڕێگە لەخۆیان قەدەغە نەکەن و بوار لەخۆیان تەسک نەکەنەوە ، بەم شێوەیە جەماعە کۆمەڵە ڕاوبۆچونێکی تایبەتی هێنایە مەیدان کە زۆر نامۆ بوون لەبەردەم موسەڵمانداو پاشان نوێ بوون بەنیسبەت بزوتنەوە ئیسلامیەکانەوە ، هەر بۆیە قیادەی برایان لە میسر داوایان کرد کە پێویستە کۆمەڵەی برایان لە سودان بە تەواوی ئیلتیزام بکەن بە قیادەی گشتییەوە و پەیوەست بن بە ڕاوبۆچونەکانی برایان ، چونکە برایان لە میسر بە تەواوی

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

هەستیان دەکرد کە جەماعە لە سودان لە زۆر شتدا جیاوازە ، بۆیە داوای بەیعەت تازەکردنەوەو پەیوەست بونیان کرد ، بەڵام جەماعە لە سوداندا پرۆژەیەکی خستە بەردەم قیادەی ( إخوان ) لە ساڵی ١٩٧٢ ز دا کە ئەویش بریتی بوو لە ( التميز المحلى و التوحيد العالمى ) بەڵام ئەوان ڕازی نەبون ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ لێک ترازان و جیابوونەوە .

## ٥ – قۆناغی ئاشتبونەوە و گەشەپێدان :

ئەم قۆناغە لە ساڵی ( ١٩٧٧ ز ) یەوە دەست پێ دەکات ، پاش ئەوەی هەل و بارودۆخێکی دەولی هاتە پێشەوە ، جعفر نمیری دەرگای مفاوەزاتی کردەوە لەگەڵ هێزە نەیارەکانی ... جەماعەش ئەم هەلەی قۆستەوەو بە پێویستی زانی کە لەگەڵ حکومەتدا ڕێک بکەوێت لەبەر کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆی و ڕێکخراوی و سیاسی ..هەرچەندە ئاشت بونەوەو ڕێکەوتنەکە کۆمەڵە مەرجێکی تێدا بوو کەوا دەرکەوت توانەوە و لەبن هێنانی کارەکەی تێدا بەدی بکرێت . بەڵام قیادەی جەماعە ئازایەتی وە پشت بەخوا بەستنی کردە تێشوو ڕۆیشتە پێشەوە .

### سیمای ئەم قۆناغەش بریتی بوو لە :

أ) دامەزراندنی ( ڕێکخراوی بانگەوازی ئیسلامی ) تایبەت بە باشورەوە بۆ بانگەوازی گاورو بت پەرستەکان بۆ ئیسلام .

ب ) گرنگی دان بە ئابوری و دارایی جەماعە ، ئەم بەگرنگی زانینەش کاتێک دەرکەوت کە زۆر لە ئەندامان دەرکرابوون و ڕاونرابوون دەستیان دابووە ئیش و کاری سەربەست لەم ڕوانگەوە جەماعە نەخشەیەکی تایبەتی دانا بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی دارایی خۆی .

ج ) دانانی دام و دەزگای خێرخوازی بۆ ڕۆژئاوای سودان کە زۆرجار توشی برسێتی و لافاو نەخۆشی دەبوون بە هیوای سەرنج ڕاکێشانیان بۆ ئیسلام .

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

د ) زۆر گرنگی دان بە پێشکەش کردنی پرۆژەی جۆراوجۆرو پێویست بۆ جەماوەر لە قاڵبێکی ئیسلامی پاکدا وەک ( مشروع نقام المعاملات الاقتصاديه ) ساڵی ١٩٧٧ پاشان ( كيفيه تحرير المرأه السلمه ) وە ( سياسه تگبيق القوانين الشرعيه ) ساڵی ١٩٨٣ ز وە ( الفن الحديپ ) ساڵی ١٩٨٢ ز دا .

ه ) هاندانی ( جعفر نميرى ) بۆ جێ بەجێ کردنی یاساکانی ئیسلام و پیادەکردنی بەرنامەکانی هەرچەندە هەنگاوەکانی حکومەت زۆر بە ویستی جەماعە نەبوو بەڵام هۆکارێکی گەورە بوو لەبەردەمیدا بۆ پێشکەوتنی کاری خۆی .

و ) جگە لەوەی کە چەندین گۆڕانکاری نوێ هێنایە کایەوە لە بواری ڕێکخستن و کاردا لە هەمویان گرنگتر کارکردن بە یاسای ( لامەرکەزیەت ) لە بواری ڕێکخستن و نەخشە کێشاندا . لەگەڵ ئەم دەستکەوتانەدا هەر لەسەرەتای ساڵی ( ١٩٧٧ ز ) کە ڕێکەوتننامە بەسترا لەگەڵ میریدا ، کۆمەڵێک کە پەیوەست بوون بە برایانی میسرەوە ئەم ڕێکەوتنەیان بە چاک نەدەزانی و وایان هەست دەکرد کە توانەوەو تیاچونی جەماعەیە . بەڵام قیادەی جەماعە ڕای هاتە سەری و بڕیاری جێ بە جێ کردنی دا لە ئەنجامی ئەمەدا کۆمەڵێک جیابونەوەو ناوی ( الاخوان المسلمون ) یان بۆ خۆیان هەڵگرت لەژێر سەرکردایەتی ( صادق عبدالله عبدالماجد ) و جەماعەش بەپێی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ میری و چەند حزبێکی بچوکدا لە ( الاتحاد الاشتراکی ) دا وەک بەرەیەک پێک هاتن بۆ کاری حکومی و جەماوەری ...

لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا کێشەیەک دروست بوو لەنێوان میری و جەماعەی حەسەن ترابیدا کە ئەنجامەکەی گەیشتە ئەوەی حەسەن ترابی و زۆر لە ئەندامە بەرزەکانی جەماعە بەندکران و دژواری وە ساردی ڕووی کردە پەیوەندیەکان .

## ٦ – قۆناغی پێ گەیشتن :

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

ئەم قۆناغە بە ڕاپەڕینی ڕەجەبی ساڵی ( ١٩٨٤ ز ) دەست پێ دەکات کە کۆتایی هێنا بە حوکمی ( جعفر نمیری ) و جارێکی تر دیموکراتیەت و سەربەستی گەڕایەوە وڵات ، پاش ڕاپەڕینەکە ( حەسەن ترابی ) و هاوڕێکانی ئازادکران و دەستیان کردەوە بەکاری سیاسی ... ئەوەی یەکەم جار پێ ی هەستان دروست کردنی بەرەی ئیسلامی نەتەوایەتی بوو کە زۆر لە ڕێکخراوەی ئیسلامی و ناودارانی سودانی تێدا کۆبویەوە ، زۆرێک لە سەلەفی و سۆفیەکان هاتنە ناو بەرەوە ئەوەی مایەوە تەنها (الإخوان المسلمين ) بوو کە داوای ئەکرد سەربەست بێت لە ناو بەرەکەدا و رای تایبەتی هەبێت ، ئەمەش قبوڵ نەکراو بەوشێوەیە بەرەی ئیسلامی بوو بە واجهەیەکی سەرەکی و بەرفراوانی ئیسلامیەکان لە سوداندا ..... لەم قۆناغەشدا هەندێک لە قیادەکان جیابونەوە بەڵام لە سنوری (خرتوم ) دەرنەچون و هەندێک ئەندامیان لەگەڵ خۆیاندا برد ، بەڵام کار نەوەستاو بەگەرمی و بەهێزێکی تازەوە دەست درایە کاروەگوێ ئەو توانج و قسە ساردو تۆمەتانەی درایە پاڵ بەرەی ئیسلامی و سەرکردەکانی ، بەڵکو بەرانبەر شاڵاوی دۆستان ئارامی لێبوردن و سنگ فراوانی بە کارهێنرا ، وە ڕێگە گیرا لە ناو هێنان و غەیبەت و بریندارکردن ، بەڵکو هانی ئەندامان دەدرا کە خۆ خەریک بکەن بەکاری چاک و بنیات نەرەوە ، لەهەمان کاتدا کە شاڵاوی براو دۆستان بۆ سەر بەرە نەدەوەستا چەپەکان لە چوارچێوەی ( التجمع الحزبی اليساری ) دا ویستان بەرە بەرکەنار بکەن ، بەڵام بەهۆی لێهاتوی سەرکردایەتی و جوڵەی ئەندامانی نەتوانرا ئەم کارە بکرێت بەڵکو زیاتر ئاشنایەتی بە جەماوەرەوە دروست بوو ، وە زیاتر کاری جەماوەری دەست پێکرا . وە لەساڵی ١٩٨٨ز دا بەشداری لە پەرلەمانا کرا ، بەڵام وەک معارجە و توانرا چەند پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت وەک ( علاقات جنوب السودان واوضاع اهلة من غير المسلمين ) ساڵی ١٩٨٦ ز وە ( شؤون الامن و الديفاع فی السودان ) ساڵی ١٩٨٧ز دا .

## تایبە تمەندی بۆ چونەکانی بەرەی ئیسلامی

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

بەرەی ئیسلامی وەک هێزێکی بە توانا لە مەیدانی سیاسی سودان و وەک ئەستێرەیەکی گەشی کاری ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا توانی بەهۆی کۆمەڵە ئیجتیهادو بۆچونێکی تایبەتی خۆیەوە ببێتە قوتابخانەیەکی فکری و سیاسی بەجۆرێک کە گشت کارگێڕانی ئیسلام دەتوانن سودی لێ وەربگرن بۆ بەڕێوەبردن و گەشە پێدانی کاری خۆیان ، گرنگترین تایبەت مەندییەکانی ئەم قوتابخانەیەش بریتییە لە :

**أ ) بزوتنەوەیەکی گەلی یە** : واتە دورکەوتنەوە لە هەڵژاردنی ئەندامان و کاری فەردی و ژێر زەمینی و ڕۆشتنە مەیدانی ئاشکرایی و بانگەوازی گشتی و جەماوەریەوە ، واتە بانگەوازی ئیسلامیان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی تایبەتەوە گواستەوە بۆ مەیدانی گشتی و بەرەیان کردە کارێکی جەماوەری ، بەجۆرێک گشت ئاستەکان بەشداربن ( لە کرێکارو قوتابی و ئافرەتان بە لاوو پیرەوە ، وە لە گشتنەژادەکان لە باکوورو باشووردا ) . چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی سودان لەو باوەڕەدابوو کە پێویستە ئیسلامیەکان ناسنامەی خۆیان ، کەسایەتیەکانیان ، فکرو بۆچونیانرێبازو هۆکاری گەشتنی ئامانجەکانیان ، مەبەست و هەنگاوەکانیان بۆ جەماوەر بخەنە ڕوو بۆیان ئاشکرا بکەن گەر بیانەوێت خەڵکی متمانەیان پێ بکات و لێیان تێ بگەن ، چونکە کارێکی نارەوایە گەر بمانەوێت خەڵکی متمانەیان پێ بکات و باوەڕیان پێ بکات . بەڵام ئەوان متمانەیان بەو خەڵکە نەبێت و باوەڕیان پێ نەکەنپاشان کاری فردی و هەڵبژاردن ( الانتقاء ) تەنها بۆ کاتێکی دیاری کراوە . بەتایبەت گەر بانگەوازێک سەرەتایی بێت و بارودۆخی سیاسی نەگونجێ ، بەڵام گەر توانی بگاتە ئاستێکی گونجاو ئەوا پێویستە بانگەوازەکە بکاتە گشتی و جەماوەری . چونکە ئەم دینە بۆ گشت خەڵکی هاتوە ( إنا أرسلناک کافة للناس بشيرا و نذيرا )وە هەروەها بەشێکی خەڵکی دەتوانێت لەسەر ( عزائم ) پەروەردە بکرێت ، بەشێکی زۆریشی ( رخصة ) ی لەگەڵ دا دەنگونجێ ، پاشان کاری نهێنی بۆ حاڵەتێکی نائاسایی و تایبەتیەوە نابێت بکرێتە بنەمایەکی گشتی . ڕاستە زۆر کار هەن دەبێت نهێنی بێت و نهێنی بپارێزرێت ، پێغەمبەر ( ص ) جیهادی برپاکردو دەوڵەتی دامەزراندو نهێنی تایبەتیشی هەبوو ، هەرلەبەر

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

ئەوە پێویستە پێشکەش کردنی بۆچون و نەخشەی چارەسەرو گیروگرفتەکانی جەماوەرو هۆکارمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم میللەتە زۆر بە ئاشکرا بخەینە ڕوو خۆمان بە بەشێکی نامۆ بەرزتر نەزانین لە جەماوەر چونکە جەماوەر سەرمایەی گشتی بزوتنەوەکەیەو هەر بزوتنەوەیەک نەتوانیٚ ڕووبکاتە جەماوەرو بگەڕێتەوە بۆ ناو جەماوەر ، حزبێکی مردووەو هەرگیز ناتوانیٚ گۆڕانکاری بەرپا بکات ، کە ئەمەش وای کرد چەندین جارو چەندان هۆز بەتەواوی پەیوەندیان ئەکرد بە بەرەی ئیسلامیەوەو دەهاتنە ناو ئیسلامواتە ( يدخلون في دين الله أفواجا ) بوو بە واقیع لە سودان‌دا . ئەو هەنگاوانەش کە بەرەی ئیسلامی کردە پارتێکی گەلی بریتی بوون لە

:(١ سوک کردنی مەرجی ئەندامیەتی ، ئەوەش نەک بۆ زۆرکردنی چەندیەتی لەسەر حسابی چۆنیەتی ، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرە ببێتە بەرەی کۆمەڵگاو هەموو کەس بۆ هەبێت بێتە ناویی یەوە و بەرە وەک قوتابخانەیەک بێت ، ئەوەی پێویستی بە فێرکردن و پەروەردە هەبێت بۆی ئەنجام بدرێت و بخرێتە سەر کاروانی ژیان .

٢ ( بەدی هێنانی ئەو دروشمانەی کە حزبە مارکسی و نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بەرزیان کردبۆوەو ، لەوانەش ڕزگارکردنی ئافرەت و کرێکارو یەکخستنی سودان و پاراستنی بەرژەوەندی ولآت ئەمەش بە ( التوحيد بين مصلحه الحركه و مصلحه السودان ) .

٣( هەوڵدان بۆ بەشداربون لە گشت جموجوڵ و چالاکیەکانی ناو جەماوەرو لە بواری ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتی و ئابوری و سیاسی و عەشائری‌دا . پاشان پەیوەست کردنی بەگشت توێژو چینەکانی جەماوەرەوە بەتایبەت قوتابیان و کرێکاران و ئافرەتان .

**ب ) بزوتنەوەیەکی واقعی یە :**

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

واتە لە ئاست و تواناو گونجاوی بارودۆخی دەوروبەریدا هەنگاوی هەڵدەگرت و بەپێی بۆچونێکی شیاو کات و شوێن و قۆناغی بزوتنەوە کار ئەنجام ئەدرا ، بۆ نمونە لە کاتێک دا کە بانگەشەی جیهاد کراو بەشداری بەرەنگاری و کاری سەربازی کرا لەگەڵ زۆر لە هێزە نەیارەکان لە ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٧ ڕایانگەیاند کە جیهادیان بەرپا کردووەو بۆ لابردنی حاڵەتێکی فیتنەو بارێکی نائاسایی ناوچەکە نەک بۆ برپاکردنی حوکمی خواو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی . چەنکە زۆر لایان یەقین بوو کە کۆمەڵە هەنگاوو قۆناغێک ماوە لەبەردەمیان دا پێویستە بنێررێت و باوەڕیان بوو بە ( أهداف مرحلیه ) کە پێویستە قۆناغ قۆناغ کارەکان ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی دوژمن بوروژێت و بەبێ ئەوەی ئەندامانی خۆت بێ ئومێد بکەیت ، چونکە لە کاتێکدا لایان واقع بوو ئێستا ناتوانرێت حوکم بەڕێوەببرێت لەبەر ئەوە بانگەشەی ئەو مەسەلەیەیان نەدەکردو ئەو باسەیان والأ نەدەکرد ، پاشان لەمەسەلەی پەیوەندی برایانی سودان لە میسرەوە بەرە وای پێ چاک بوو کە بنەماکانی لەسەر بنەمای هاوکاری وە هاوپشتی و برایەتی بێت بەبێ دەمارگیری ناوچەیی ، چونکە هەموو ولأتێک واقعێکی خۆی هەیە و نابێت ئەزمونی شوێنێک بۆ شوێنێکی تر نەقڵ بکرێت و پاشان پێویستە بوار بە سەرکردایەتی ئەو ولأتە بدرێت لە کارو نەخشەی خۆیدا سەربەست بێت .هەر لەبەر ئەمەش بوو کە بانگەشەی کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی جیهانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەسەر بنچینەی ( التوحید العالمی و الاستقلال القطری ) ئەمەش لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا دووبارە کرایەوە و چەندین جار لە چەند کۆڕوکۆبونەوەیەکدا هەوڵ درا کە ئەم هەنگاوە ئەنجام بدرێت تەنانەت زۆر لە برا عێراقیەکانیش هەمان ڕایان هەبوە بەڵام برایانی میسری سوربون لەسەر بەیعەت و ئیلتیزام کردن بە ڕێکخراوی گشتی برایانەوە جگە لەوەش ڕابەری گشتی ئەو کاتە ( حسن هضیبی ) دەری بڕی کە توانای پێشەوایەتی بزوتنەوەیەکی جیهانی نییە . پاش هەوڵێکی زۆر لەم بوارە بەڵام ئەنجامەکەی بێ سوود بوو تا ساڵی ١٩٧٢ ی زاینی بە تەواوی لێک پچڕان

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

دروست بوو پاشان لە ١٩٧٧ ی زاینی دا ڕێکخراوی إخوان بە جیا لە سوداندا پێک هات وە لە هەشتاکاندا دەست کرا بە لێ خوێندن و لەباربردن و بەرکەنارکردنی بەرەی ئیسلامی سودانی لە ناوەوەو دەرەوە بەتایبەت بەرامبەر قوتابیان و کرێکاران و ئەوانەی هەڵهاتبون لە ئەوروپا و وڵاتە ئەوروپیەکان . بەرە هەمیشە هەوڵی دەدا ( فقە الاحکام ) لەگەڵ ( فقە الواقع ) دا پەیوەست بکات و کاری لەسەر بکرێت ، نەک ئەحکامێکی ڕابردوولەسەر واقعێکی ناسازو نارێک بچەسپێنێت کە بارەکە ئاڵۆز دەکات چونکە ئەحکام بۆ زیندووکردنەوەی واقعێکە و بۆ دروست کردنی ئەنجامێک نەک تەنها دەربڕینی ڕاو فتوایەک .

**ج ) بزوتنەوەیەکی شورایی یە :** شوراکردن بریتییە لە سیمایەکی تایبەتی بەرەی ئیسلامی کە زۆر گرنگی و بایەخ دەداتە پرس و ڕا گۆڕینەوەو ئاگاداری ئەندامان لە چۆنیەتی دەرکردنی بریارو نەهێشتنی کاری تاک ڕەوی و لەبن هێنانی دیکتاتۆریەت با لەسەر بنچینەی خیبرەو لێزانینیش بێت . لەبەر ئەوە دەبینین زۆر گرنگی دراوەتە کۆنگرەگرتن و بانگەشەی تایبەتی و گشتی بۆ کراوە و هەر گیروگرفتێک بوبێت یان ویستبێتیان نەخشەیەک پێشگەش بکەن زۆر جار کۆنگرەی گشتیان بۆ سازداوە وەک نمونە بۆ کێشەی ( جنوب السودان ، الاقتصاد ، الاصلاح الاداری ، القطاع الشعبی ) ئەمە بۆ کێشە گشتییەکان ، بەڵام بۆ کاری تایبەتی ناو بەرە دەرکردنی بڕیار بە سێ قۆناغدا دەڕوات :

١ ) ئامادەکردن ( التحضیر ) : کە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ بەو کارە کە لە مەیدانی ئەو کارەدا ڕۆڵ ببینێت هۆو چارەسەرو ئەگەرەکان و شێوەی جێ بە جێ کردن و بریاری دروستی تیا دەست نیشان دەکرێت پاشان دەدرێتە ئەنجومەنی شورا .

٢ ) مداوله کردن : ئەو باسەی کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە ئامادە کراوە لە لایەن ئەندامانی شوراوە لێکۆڵینەوەو بیرکردمەوە و ڕاگۆڕینەوەی لەسەردەکرێت تا ماوەیەکی گەنجاو .

٣ ) بڕیار : پاشان بە زۆرترین دەنگ بڕیار لەسەر کارەکە دەدرێت .

**د ) بزوتنەوەیەکی نوێ خوازو پێشکەوتو خوازە :** بەو مانایەی سودی لە گشت قوتابخانە فکری و سیاسیەیەکان وەرگرتوە و هەمیشە هەوڵی پێشکەوتنی هۆکاروشێوازی ئیش کردن و بەرنامەی داوە و خۆی لە چوارچێوەیەکدا گۆشەگیر نەکردوە . بۆ نمونە یەکێک لە سەرچاوەکان و سەرەتای بەرنامەکان بۆ چونەکانی إخوان بوو کە بانگەشەی پەروەردەی تاکەکان دەکات پاشان خێزانی ئیسلامی تا بە جۆرێک زۆر دەبێ و پاشان کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دروست دەکات و حکومەتێکی ئیسلامی خاوێن پێک دێنێت . بێ گومان ئەم هەنگاوانە وەک دروشمێک مانەوە و تەنانەت لە میسریشدا نەتوانرا بکرێتە واقع . بێ گومان ئەم بۆ چونە بۆکات و ساتێک بوو کە لەگەڵ بارودۆخی میسر و سوداندا دەگونجا ،بەڵام لەگەڵ تێپەڕبونی کات و گۆڕانکارییەکانی دەورو بەردا بیرو بۆچونی بەرەی ئیسلامی لە سوداندا گۆڕا بەوەی حوکم و جیهاد پێویستە هەنگاوی عەمەلی و کرداری بۆ بنرێت و تەنها دروشم نەبێت . جەماعە لە ڕووی سیاسیەوە بوو بە هێزێکی سیاسی خۆ سەپێنەر لەناو جەماوەرو لەبەردەم حکومەتدا .. پاشان بۆچونەکانی – مەودودی – کە لەو باوەڕەدایە کە بە دیموکراتی دەگاتە حوکم و هێز دەخرێتە دەستی . ئەمەش بێ گومان بۆ کاتێک دەگونجا کە بەرژەوەندی گەل لەسەروو هەموو شتێکەوە سەیردەکرا . بەڵام ئێستا پاکستان خۆی نمونەی ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک بە دیموکراتیەت ڕێگە نادەن بە جەماعەی ئیسلامی بگاتە حوکم بەڵام لەمەسەلەی باوەڕ نەبوون بە کاری بهێنی و ژێرزەمینی گەلێ سودی لێ وەرگیرا ، هەروەها بۆچونەکانی – سید قگب – زۆر سودی لێ

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

وەرگیرا بە تایبەت بۆ وازهێنان لە بانگەوازی تاکی و هەوڵ دان بۆ بانگەوازی گشتی و ڕوون کردنەوەی ئیسلام بۆ جەماوەرو پاشان بە ئەنجام هێنانی جیهادو پەروەردەی نمونەیی ئەندامان بەڵام لە مەسەلەی متمانە نەبوون بە جەماوەرو بە کافر زانینی بە چاکیان نەدەزانی و پێیان ڕاست نەبوو ، هەروەها لە شۆڕشی ئێران سوود وەرگیرا بە تایبەت لە چۆنیەتی بە جەماوەر کردنی بزوتنەوەی ئیسلامی و پاشان هاندانی جەماوەر بۆ خۆ دروست کردن .... وە هەروەها لە بواری ڕێکخستن و نهێنی پاراستن و شێوازی کاری ڕێکخراوەی سوود لە حزبی شیوعی وەرگیراوە بەم شێوەیە توانراوە هەموو بزوتنەوە ئیسلامیەکانیجیهان بە گشت بۆچونییەکانیەوە دراسە بکرێت و شی بکرێتەوەو ئەوەی لەگەڵ واقعی سوداندا دەگونجیّ لیّی وەرگیراوە ، واتە هەمیشە ئیجابیان وەرگرتوە و دراسەی سلبیاتیان کردوە ، لە هەمان کاتدا هەمیشە هەوڵی نویّ خوازی دراوە لە چۆنیەتی ڕێکخستن و کاری سیاسیدا بە تایبەت لە بواری شوراو قیادەو پرۆگرامی فکری و سیاسی جەماعەدا ، بۆ نمونە لە ساڵەکانی پەنجادا دوو جار وە لە ساڵەکانی شەستدا دوو جار و لە حەفتاکاندا یەکجارو لە هەشتاکاندا یەکجار ، گۆڕانکاری هاتوە بەسەر پرۆگرامی ناوخۆو شێوازی کار ، ئەویش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو گەڕان و شی کردنەوەو تاقی کردنەوەدا ... ناو گۆڕینیش یەکێکە لە دیاردە زەقەکانی ئەم کارە . وە بە هەموو شێوەیەک بەرە دژایەتی تقلیدی کردوە تەنانەت یەکەم کۆمەڵێک بون کە داوایان کردوە لە چوارچێوەی مەزهەبی ئیمام مالک دەربچن ، وە هەمیشە دەرگای ئیجتیهادو ڕادەربڕین خراوەتە سەرپشت بۆگشت بوارو لایەنێک هەرکەس بە توانای خۆی .

**هـ ) باوەڕ بە خۆبوون :** سیمایەکی تری ئەم بزوتنەوەیە بریتییە لە باوەڕ بە خۆبونێکی بیّ سنوورو بەستنێکی لەڕادە بەدەر بە پەروەردگارو سلّ نەکردنەوە لەو گیروگرفتانەی کە دێنە ڕیّی لەبەر ئەوە ( بەرەی ئیسلامی هەمیشە قوتابی پەروەردە نە ئەکرد بۆئەوەی کوفر نەیدرزێت بەڵکو بۆ ئەوەی بانگخواز بێت و ئیسلام بلاّوبکاتەوە ) پاشان لە کاتێکدا

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

ڕێکخراوی گشتی برایان دەستی کرد بە ئیستفزاز کردنی بەرەی ئیسلامی و هەوڵی بەر کەنار خستن و لەباربردنی دا بە گەمارۆی ئابووری و ڕێگە لێ گرتنی پەیوەندیەکان بەرە بە هەوڵێکی تایبەتی خۆی دەستی کردە کار بۆ پێشکەوتن لەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئەم لەبار ببەن ، لەبەر ئەوە هەستان بەم هەنگاوانە :

١ – ئەو قوتابیە سودانیانە ، کە لە بەریتانیاو ئەمەریکا و ئەوروپا دەژیان دەستیان کردە دامەزراندنی ڕێکخراوو دامەزراوی خێرخوازی و ڕۆشنبیری و فکری و بەمەش پەیوەندییەکی زۆریان دروست کرد لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا .

٢ – ئەو کەسانەی بۆ گەشت و گوزار ڕوویان دەکردە ئەوروپا و ئەمەریکاو کاری بازرگانی دەست بەجێ پەیوەندیان پێوە دەکردن و تاقی دردنەوەی سودانیان بۆ شی دەکردنەوە و بۆیان باس دەکردن ، ئەمەش بوو بەهۆی دروست کردنی چەندان بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەر هەمان شێواز و شێوەی بەرەی ئیسلامی سودان .

٣ – ئەو کرێکارو هەژارانەی کە ڕوویان کردە کەنداو و وڵاتە دەوڵەمەندەکان بۆ ئیش کردن بوو بە مایەی خێرو چاکەی زۆر بۆ جەماعە لە بواری ئابووری و دبلۆماسی و پەیوەندی دا .

٤ –ئەو ڕێکخراوە پیشەییانەی بەرە دروستی کردبوون کە هەمیشە بە کراوەیی کاریان دەکرد گەرچی حوکمی عەسکەریش دروست بوایە ، دەکرانە مۆڵگەیەک بۆ کار چ جای ئەوەی کرانە هۆیەک بۆ دروست کردن و پتەو کردنی پەیوەندییەکانی

بزوتنەوەی سودان لەگەڵ چەندین وڵات و بزوتنەوەی ئیسلامی و هێزە نەتەوەیەکان بەم جۆرە پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەرەی ئیسلامی ئەوەندە فراوان بوو کە ناچار بەشی ا

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

الامانة المستقلة لشؤون العلاقات ) لە دەرەوەی ولآت دابمەزرێنیْ و هەستیْ بە ئەرکی جیْ بە جیْ کردنی کاری دەرەوە .